# داگەڕان

ئێوارە وەختە،

تا چاو بڕ دەکا دەورم ڕووتەنە.

لەم دنیایەدا،

من تەنیا خەونی ژوانی تۆم ماوە...

خەونی ژوانی تۆ

بۆ من سەرابی شینکە و قۆپەنە،

گلۆڵەتیشکی سەربەرەوخوارە،

بەری ئاوداری بڕگی تەمەنە.

*   *   *

لێ گەڕێ، گیانە!

دەبا ئەم خەونە

هەر بجریوێنێ و بچریسکێتەوە.

دەستی لێ مەدە.

مەیشڵەقێنە،

با هەر درێژ بێ...

با هەر درێژ بێ و قەت نەبڕێتەوە.

*   *   *

مەرگی ئەم خەونە ڕەنگان ناهێڵێ و
دنیا پڕ لوورە و شەختە و ڕم دەکا.
خۆر لە گۆی زەوی دەشارێتەوە ،
ئەستێران نوقمی تەپوتم دەکا.

* * *

ئەدرەسی خۆمت دەدەمێ -
بەڵام ڕچە قەت نەشکێنیت.
ڕێگەی جێژوان گوڵڕێژ دەکەم -
بەڵام نەکەی بێیتە ژوانم.
بەیداخی سپی هەڵدەکەم -
دڵت بەرد بێ!
گوێ نەدەیتە چۆکدادانم.
گرمەم دێ و چەخماخە دەدەم -
خۆت نەبان کە... لە ڕەهێڵەم... لە زریانم.
ئەگەر زۆر زۆر بیرت کردم،
جارجار وەرە بن ساباتی خەونەکانم!

١٩٩٦/١١/١٤ - هێلسنکی